ژمارە (٨٤٧) چوارشەممە ٣ی ئازاری ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو دوو شەممەو چوارشەممەیەک

ئەم هەنگاوە زەمینە دروستکردنە بۆ ئاواکردنی کاری هاوبەشی نەتەوەیو دیموکراتیانە لەنێوان ئەو پارتو کەسایەتیانەدا کەداخوازی ئەم کارە دیموکراتیانەیان هەیە. ئەمجۆرە کارانەش هەوڵدانێکە بۆ. کەمکردنەوەی زهنییەتی تەنگی حیزبایەتی

# "ئەم هەنگاوە زەمینە بۆ کاری هاوبەشی نەتەوەییو دیموکراتییانە پێشدەخات"

## "سەرباری ڕێگرییەکانی دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لەپاڵێوراوەکان دەکەین"

**سازدانی: عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ**

نەجیبە عومەر سەبارەت بەهەڵوێستی نیشتمانیو دیموکراتیو پێویستی یەک لیستیو ئەو کاندیدانەی، کە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پشتیوانیان لێدەکات، هەروەها مەرجو ڕێکەوتنیان لەگەڵ ئەو کەسایەتیو حزبانەدا، بۆ ئاڵای ئازادی دەخاتەڕوو.

**ئاڵای ئازادی: پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەهەر پارێزگایەک پشتگیری لەکاندیدێک دەکاتو ئەو پشتگیرییەش بەگوێرەی کاندیدەکە دەگۆڕێت نەک لیستی دیاریکراوە، ئەمشێوازی بەشداریکردنە بۆچی؟**

**نەجیبە عومەر:** ئێمە وەک پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بەپێویستمانزانی لەم هەڵبژاردنەدا لیستێکی تایبەتمان نەبێت، چونکە زیاتر سەرقاڵی خەباتی فکریو ڕێکخستنی بووین، بەڵام وەک هەڵوێستی نیشتیمانیو دیموکراتی خۆمان بڕیارماندا دەنگی خۆمان بەکاربهێنینو هەڵوێستی خۆمان ڕاگەیاند، لەکاتێکی وەها هەستیاردا، کە هەموارکردنی دەستور لەئارادایەو مافە نەتەوەییو دیموکراتییەکانمان گەرەنتی نەکراون یەکهەڵوێستیو یەک لیستی پێویستە. ئەگەر کورد یەک لیستی هەبوایە بەبێ مەرج دەنگی خۆمان دەدایە ئەو لیستە، بەڵام کاتێک چەند لیست دروستکرا، ئەوا ئێمە کۆمەڵێک پرەنسیپو مەرجمان ئامادەکردو لەسەر ئەو بنەمایە گەلێک ڕێکەوتنمان ئەنجامدا لەگەڵ پارتیو کەسایەتیدا. لەم ڕێکەوتنانەی کەئەنجامانداوە هەوڵماندا ئیرادەی تاک زیاتر پێش بخەین، چونکە لەم هەڵبژاردنەدا لیست کراوەیەو هاووڵاتی دەتوانێت لەو لیستەدا کام پاڵێوراوی بیەوێت هەڵیبژێرێت. بەمشێوەیەش زیاتر ڕۆڵی تاک دەکەوێتە



نەجیبە عومەر

بۆ ئاڵای ئازادی

پێش ئێمەشو لەئەنجامی ئەو دانیشتنانەی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەپارتییەکانو کەسایەتییەکان کردمان لەگەڵ هەریەک لەوانە لەسەر هەندێک پرنسیپ ڕێکەوتینو بەشێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن ئێمەو هەریەک لەوانە ئیمزاکراوە. ئامانجیشمان لەم شێوە بەشداریکردنە پێشخستنی هەڵوێستی دیموکراتییانەیەو مەرج نییە ئەو کەسەی ئێمە پشتگیری لێبکەین ئەندامی پارتی ئێمە بێت، بەڵکو لەچوارچێوەی کۆمەڵە پرنسیپێکی گشتیدا دەتوانین بگەینە یەکو ئەمەش زەمینە دروستکردنە بۆ ئاواکردنی کاری هاوبەشی نەتەوەییو دیموکراتییانە لەنێوان ئەو پارتو کەسایەتییانەدا کەداخوازی ئەم کارە دیموکراتیانەیان هەیە. ئەمجۆرە کارانەش هەوڵدانێکە بۆ. کەمکردنەوەی زهنییەتی تەنگی حیزبایەتی.

**ئاڵای ئازادی: تا ئێستا لەچەند پارێزگای کوردستانو عێراقدا پشتگیری پاڵێوراوەکانتان کردوووەو سەر بە چ لیستێکن؟**

**نەجیبە عومەر:** ئەو کاندیدو لیستانەی پشگیریمان لێکردوون لەناو هەر دوو لیستی هاوپەیمانیو گۆڕاندایە. ئەم دوو لیستە خۆیان وەک لیست ئامادەی خۆیان پیشانندداوە بۆ ئەوەی ئەو پرنسیپو مەرجانەی ئێمە پەسەند بکەنو هاوپەیمانی لەگەڵماندا دروست بکەن، بەڵام لەناو لیستی هاوپەیمانیدا ژمارەیەک لەپارتییەکان داوایان کردو ئێمە لەسلێمانی تەنها لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕێککەوتووینو پشتگیری لەجەلال دەباغ پاڵێوراوی ئەو حزبە دەکەین. لەهەولێر، دهۆک، کەرکوک، موسڵ، دیالە، تکریتو بەغداد پشگیریی کۆمەڵێک پاڵێوراوی دیکەمان کردووە. لەگەڵ هەریەک لەمانە بەشێوەیەی فەرمی ڕێکەوتنمان ئەنجامداوە، هەریەک لەم کەسایەتیو پارتییانە خاوەن لەپرنسیپە نەتەوەییو دیموکراتییەکان دەردەکەونو کاردەکەن

بۆ جێگیرکردنی ئەو پرۆژەو پێشنیارانەی کە لەلایەن پارتی چارەسەرو کەسانی دیموکراتخوازەوە پێشکەشکراوە. بەتایبەتی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو هەموارکردنی دەستورو چارەسەرکردنی کێشەی ژنانو خزمەتگوزارییو نەهێشتنی گەندەڵیو ئاواکردنی کۆنفرانسی نەتەوەیی لەپێناوی ئاواکردنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتییانەی کورددا. بەهەمان شێوە بۆ سەرکەوتنی ئەم کاندیدانە پارتی چارەسەری پشتگیری تەواویان دەکات.

**ئاڵای ئازادی: چ مەرجێکتان بۆ ئەو کاندیدانە داناوە تاکو ئێوە وەکو پارتی چارەسەر پشتگیری ئەو کاندیدانە بکەن؟.**

**نەجیبە عومەر:** مەرجەکانمان حیزبی نینو کۆمەڵێک مەرجی گشتین لەچوارچێوەی خەباتی دیموکراتی نەتەوەییو خزمەتگوزاریدان. ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم مەرجانەی خوارەوە ئامادەین پشتیوانی کاندیدو لیستەکان بکەین. - هەڵوێستیان نەتەوەیی بێتو لەبەرنامەکانیاندا گوتاری نەتەوەییان هەبێت. ئامادەبن بۆ بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەییو دارشتنی ستراتیژی نەتەوەیی کاربکەن. - سەبارەت بەدۆزی کورد لەپارچەکانیتری کوردستان خاوەن هەڵوێستی پۆزەتیف بن. - گرنگی بە پرۆژە **خزمەتگوزارییەکان** بدەنو کار بکەن بۆ ئەوەی گرنگی بەبواری پەروەردە، تەندروستیو ژێرخانی ئابووری بدرێت. چارەسەرکردنی پرسی کەرکوکو ناوچەکانیتر، پرسی هەمواركردنی دەستوور، پرسی پێشمەرگە، پرسی بودجەو سامانە سروشتییەکان بکەنە بەشێک لەئەجیندای خۆیان، بەشێوەیەک، کە بنەماکانی دیموکراتیو راستییە مێژووییەکان لەبەرچاو بگیرێت. کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنانو هاوتایی ژنو پیاو لەئەرکو مافدا بەبنەما بگرێت. لیستو کاندیدەکان

کراوە بن بە ڕووی جەماوەرداو بەشداری لەچالاکیو بۆنەکانی جەماوەردا بکەنو خاوەن لەپرۆژە دیموکراتیەکانی جەماوەرو لایەنەکانی تریش بکات، بەنوسراو ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت لەسەر ئەم خاڵانە. جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە مەرجی بەردەوامکردنی ئەم ڕێکەوتنەیە لەدوای هەڵبژاردنیش.

**ئاڵای ئازادی: ئێوە گفتوگۆتان لەگەڵ کاندیدی هەڵبژێردراوی لیستیتر کردووە، کە ئەو مەرجانەی ئێوەیان قبوڵ نەبوو بێت؟**

**نەجیبە عومەر:** بەڵی ژمارەیەک لە پارتیو کەسایەتیو هەتا لیستێکیش هاتن هەندێکیان بێ مەرج داخوازییان دەکرد، پشگیریان لێبکەینو هەندێکیشیان مەرجەکانیان پەسند دەکرد، بەڵام ئامادەی ئەوە نەبوون بەفەرمی ڕێکەوتن ئیمزا بکەن، یان دەیانگوت دوای هەڵبژاردن ئامادەی ڕێکەوتنین. ئاشکرایە ئەمجۆرە هەڵوێستانەش دووبارەکردنەوەی سیاسەتی کلاسیکە کە لەسەر بنەمای گوتن، کە سیاسەتی شەفەوی بەبنەما دەگرێتو کۆمەڵێک پەیمان دەداتە بەرامبەرەکەیو دوایش ئامادە نییە هیچ نوسراوێ ئیمزابکات. ئێمەش وەک پارتی چارەسەری هەمیشە وەک پرەنسیپێکی کارکردن بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای پێوانی دیموکراتییانە جەماوەری خۆمان پەروەردە بکەین، گرنگی دەدەینە سیاسەتێکی شەفافو فەرمی نەک تەنها گوتن، چونکە ئێمە لەهەموو خەباتی دیبلۆماسیو ڕێکخستنیو فکریو ڕاگەیاندنیدا ئەو هێزەی حسابی بۆ دەکەین تەنها بەرژەوەندییەکانی گەلە، بۆیە ئەو ڕێکەوتنانەی ئەنجامیشی دەدەین بەئاشکرا رایدەگەیەنین. ئەمشێوازە کارکردنەش پێمانوایە متمانە لەلای گەل زیاتر دەکاتو یەکێکە لەپێوانەکانی دیموکراسیی.

**ئاڵای ئازادی: ئایا نەدەکرا پشتگیری تەواوی لیستێک، یاخود کاندیدەکانی حیزبێک لەناو لیستێکدا بکردایە؟.**

**نەجیبە عومەر:** ئێمە پرەنسیپو مەرجەکانی ڕێکەوتنمان بۆ رای گشتی راگەیاند، کە هەر لیستو پارتیو کاندیدێک ئامادەبێت لەم چوارچێوەیەدا، ئێمە ئامادەین ڕێکەوتن ئەنجام بدەین، بەڵام هیچ یەکێک لەو لیستانە ئامادەی ڕێکەوتن نەبوونو لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەگەڵ لیستێکیشدا ڕێکبکەوتینایە جارێکیتر ئێمە گرنگیمان دەدایە کاندید. واتە بەپێی ئاستی تواناکاری کاندیدەکان بۆ نوێنەرایەتی خەڵک لەهەر جێگایەک کاندیدێکمان دیاری دەکردو ئەو پارتیانەی کەداوای پشگیریانکرد زۆربەیان داخوازیان هەبوو لەهەموو شارەکاندا پشتگیریان لێبکەین، بەڵام ئێمە بەباشمانزانی هەر پارتیەک لەیەک پارێزگا پشتگیریان لێبکەینو بێگومان بە هەڵسەنگاندنی کاندیدەکانیشیان .

**ئاڵای ئازادی: ئایا ئێوەش دەستتان بەهەڵمەتی هەڵبژاردن کردووە بۆ ئەو کاندیدانەی کەپشتگیرییان دەکەن، یاخود بەس تەنها بە بەیاننامەیەک داوا لەئەندامو لایەنگرانتان دەکەن دەنگ بەو کاندیدانە بدەن؟**

**نەجیبە عومەر:** بێگومان ئێمەش لەگەڵ یەکەم ڕۆژی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە دەستمان بە چالاکی خۆمان کردووەو لەکۆڕو کۆبوونەوەدا ئاگاداری ئەندامو لایەنگرانی پارتەکەمان بۆ ناساندنی کاندیدەکان کردووە، سازدانی بەرنامەی ڕاگەیاندنیو ناساندنی کەسایەتییەکان بە جەماوەرو بڵاوکردنەوەی کارنامەکانیانو ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنەکانمانو هەتا ڕۆژی هەڵبژاردن بەردەوام دەبین. بۆ زیاتر زانیاریشتان لەو ماوەیەدا کەسەر قاڵی کارێکی بەم شێوەیەین هێزی دەسەڵات لەزۆر لایەنەوە ئاستەنگیان بۆ دروستکردووینو پێمان دەڵێن ئێوە هەڵمەتی هەڵبژاردن مەکەن.

# لەکاتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا پرۆژەیەک ژنی تەندروست

## "پێویستە میدیا ژن وەک کائینێکی سروشتی ناو کۆمەڵگا وێنا بکاتەوە"

**ئا: شەنکار عەبدوڵا**

سەرباری دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی پرۆژە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکانیان ناوەستێننو درێژە بەکارەکانیان دەدەن، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO) بەهاوکاری ڕێکخراوی (IRC) پرۆژەی ژنی تەندروستی ئەنجامدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تێیدا باس لەرۆڵی ژن لەمیدیاکانی کوردستانو چۆنیەتی ڕۆماڵکردنی هەواڵەکانی لەسەر ڕەگەزی مێینە، کەچۆن دەتوانێت ماف بۆ ژنان بگێڕێتەوەو چۆن ژنێکی تەندروست بەرهەم بهێنرێت، کرا.

ڕێناس جەمیل پارێزەرو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری ژنی تەندروست لەڕێکخراوی سی دی ئۆ وتی "هەستاوین بەئەنجامدانی ۆرکشۆپێک بۆ بیست ڕۆژنامەنوس لەشاری سلێمانی، ئەمەش چالاکییە لەچالاکییەکانی پرۆژەی ژنی تەندروست، کە ڕێکخراوی cdo بەهاوکاری ڕێکخراوی (IRC)، ئەنجامیداوە".

دەربارەی ئامانجی ۆرکشۆپە کە ڕێناس جەمیل وتی "ئامانج گەیاندنی پەیامێکە بۆ ڕۆژنامەنوسان تاکو ئەوانیش کاریگەربنو هۆکارێک بن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان، یاخود بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک کەبەکاردەهێنرێت دژی ئەو دەستەواژانەی کەبەکار دەهێنرێت دژی ژنان، یان ئەو هەواڵانەی کەتوندوتیژی لێدەکەوێتەوە".

باسی ئەوەشیکرد کە ئەم پرۆژەیە لەسێ ناوچە جێبەجێدەکرێتو لەئێستادا ئەزموون دەکرێت لەهەر سێ ناوچەی شاری سلێمانیو قەزای سەیدسادقو شارۆچکەی عەربەتو لە (٢٠٠٩/٧/١ - ٢٠١٠/٢/٢٨) بەردەوام دەبێت، ئێمە لەم پرۆژەیەدا زیاتر جەختمان کردووەتە سەر هۆشیاری ژنانو هەروەها کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر کێشەکانی ژنان لەو ناوچانەی کەپرۆژەکەی تێدا جێبەجێکراوە، لەڕێگەی ئەو کۆبونەوانەوە کە کردومانە بۆمان دەرکەوتووە توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بەردەوامە، هەتا ژنانیش خۆیان دانیانناوە بەوەی کەتوندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە، کە باسکردن لەو حاڵەتە بۆ ژنانی عەربەتو سەیدسادق تارادەیەک قورسە، بەڵام بەخۆشییەوە بەپیریەوە هاتوون.

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستا لەکۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی کەلێکچەرێکی لە ۆرکشۆپەکەدا پێشکەشکردو لەبارەی ڕۆڵی ژن لەمیدیاکاندا بەئاڵای ئازادی ڕاگەیاند: لەراستیدا پێویستە میدیا ژن وەک کائینێکی سروشتی ناو کۆمەڵگا وێنا بکاتەوە، وێنە جوانەکەی خۆی لەزیهنیەتی خەڵکدا بچەسپێنێت، بەگوزارشتو ئەداو توانستە جوانەکانیان، بۆ ئەوەی بتوانێت زەمینەی ئاشتبوونەوەو پێکەوە ژیانێکی لەبارو مەدەنیانە بۆ هەموو ڕەگەزەکانی ناو کۆمەڵگا فەراهەم بکات.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ وتیشی "تارادەیەکی زۆر میدیای کوردی ژنی پەراوێزخستووە، چونکە ئامادەیی ژن لەمیدیاکاندا زۆر کەمەو ئەگەر بێژەرەکانی لێدەربکەین، ژمارەی ئەو ژنانە چەندن کەئێمە لە هەژدە ساڵی



گرتەیەک لەکارکردن بۆ پرۆژەی ژنی تەندروست

ڕابردوودا پیشانمانداون، ئیتر لەهەر کەناڵێکەوە بیگری بۆمان دەردەکەوێت چەندە پانتایی بەژن دراوە، چەندە ژن خۆیان بەڕاستەقینە قسەیان کردووە، لەوانەیە پێم بڵێی لەڕۆژنامەکاندا زۆر بوون بەشێکی زۆری ئەمانە بەداخەوە دەمامکیان کراوەتە سەر پیاوێک بەبەکارهێنانی شێوازێکی تایبەتی بەناو ژنانەوە یان بۆ ژنانی نووسیووە، دوور لەوەی ژنان خۆیان بێنە قسەو گفتوگۆو، گوزارشت لەناخی خۆیان بکەن وەک ئەوەی کەدەیانەوێت".

سۆزان عەلی محەمەد لەڕۆژنامەی ژیانەوە دەربارەی ئەم پرسە وتی "ئەوەی لەم ۆرکشۆپەدا تاوتوێ کرا، چەندین ڕووی ژیانو پێکهاتەی مێینە بوو، لەراستیدا بابەتی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی مێینەو سروشتی راستەقینەی مێینە بوو، بەراستی دەکرێت ئەو سروشتە پیرۆزو ناسکو میهرەبانیەی مێینە بگەڕێندرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەو تواناو لێهاتوییەی کەهەیەتیو بەو وێنە راستەقینەی خۆی بگوازرێتەوە، کەهیچ کەمتر نییە لەناو واقیعی کۆمەڵگای کوردی، ئەوەی من بیستم لەم ۆرکشۆپەدا وێنەیەکی راستەقینەی مێینە بوو، کەتا ئێستا لەمیدیاکان ئەو وێنەیەم بەمشێوەوە راستەقینەی نەگوازراوەتەوە.

نەریمان سابیر بێژەر لەکەناڵی ئاسمانی جەماوەر وتی "کردنەوەی ئەم ۆرکشۆپانە ڕۆڵو گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی من بوو لەم خولەدا ئامار کەمتر بەکارهات، هەروەها هەندێکجار دورکەوتنەوە لەبابەتەکە دەبوو، یان دورکەوتنەوە لەناوەڕۆکی زانستی بابەتەکە جێگای گلەیی بەشداربوان بوو، هیوادارم بۆ جارێکیتر کەئەم ۆرکشۆپانە دەکەنەوە ئاگایان لەو شتانە بێت بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجی خۆیان بەتەواوەتی بپێکنن لەپێشکەشکردنی ئەمجۆرە بابەتانەدا".

شەمام غەفور پەیامنێری رادیۆی ناوخۆ لەم بارەی گرنگی ۆرکشۆپەکەوە وتی "بەردەوامبونی ئەم جۆرە ۆرکشۆپانە زۆر پێویستنو گرنگن، نەک هەر ساڵی جارێک بێت، بەڵکو دەبێت زوو زوو ئەم ۆرکشۆپانە بکرێنەوە لەسەر بابەتە هەستیارو گرنگەکانی ڕۆژ، ئەوکات دەتوانین کۆمەڵگای کورد بەرەو تەندروست بون بەرین، چونکە هەرکەسە لەئاستی خۆیەوە بتوانێت ئەو پەیامەی کەپێیەتی یان وەریدەگرێت بیگەیەنێت بەخەڵکیتر ئەوکاتە ۆرکشۆپەکان کاریگەری زیاتریان دەبێت، دەتوانن زیاتر خزمەت بەو بوارانە بکەن کە ڕێکخەری ۆرکشۆپەکە بەگرنگی زانیوە".

ئەیوب کەریم پەیامنێری ڕۆژنامەی دەستور وتی "ئەم ۆرکشۆپانە گرنگن، بەڵام لەوانە گرنگتریش ئەوە بێت، کە کێن وانەکان دەڵێنەوە، تاچەند ئەو بابەتانەی کەهەڵبژێردراون زانیاری ورد دەدەن لەسەریان بۆ بەشداربووان، بۆیە ئەم ۆرکشۆپانە دەکرێت کاری وردتری بۆ بکرێتو زانیاری زیاتر بگەیەننە بەشدار بوان بۆ ئەوەی ئەوانیش دوای تەواو بوونی ۆرکشۆپەکە بتوانن سوود بگەیەنن بەکەسانی دەوروبەریان".